# پشووی کوردستانی نوێ

ژمارە ( 31 ) حوزەیرانی 2002

سەرنووسەر
**فازل قەساب**

بەڕێوەبەری هونەریی
**مەریوان عەلی**
نەخشەی لاپەڕەکان و جیاکردنەوەی ڕەنگ
**دیاری محەمەد**
مۆنتاژو سەرپەرشتیاری چاپ
**کاروان جەلال**
تایپ
**تارا محەمەد**

## پشووەك لە سلوەی کوردستانی نوێدا

## سڵاو لە یادی 27 ساڵەی دامەزراندنت ئەی ڕابەری ڕزگاریی و شارستانییەت

ساڵی 1975، مێژوویەکە، ئامێتە لە تاریکیی و نائومیدیی و لە گەشبینی و نەشئەی وەرەبەخشین و مژدەی لەدایکبوونیکی نوی کە هیچ مژدانەیەك لەو ساتە پر لە حەسرەتانەدا هاوتای نەدەبوون.. ئەو ساتانەی، هەمووان کزۆڵە.. سەرنەوی و ڕەنگ زەردی هەرەس و خۆبەدەستەودان بوون.. ئەو شەوانەی دوژمن شیرینیی سەرکەوتنی دەبەخشییەوەو دایکانی میللەتەکەم تروسکەی ئومید لە چاوانیاندا نەمابوو، چونکە ئەوان کوڕو نەوەکانیان بۆ ئەوە گۆشکردبوو سەری ئەم میللەتە بەرزبکەنەوەو بیگەیەننە تڕۆپکی ئازادیی، تا بۆ خۆشیان لەسایەی ئەو ئازادیی و چارەنووسەدا ئازارەکانیان بڕەویتەوەو هەمووان بە ئاسوودەیی بژین، بەڵام کوڕە خوین گەرمەکانی نەتەوەکەم، هەناسەساردیان نەکردن.. هەر کەمیك پاش ڕیککەوتننامەی شوومی 6ی مارتی جەزائیر، بەبیروباوەڕیکی نوی و هەڵکردنی دروشمی ئازادیی و دیموکراسییەوە یەکیتیی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراند.. سەدان سەرکردەی بویرو لیهاتووی ئەم حزبە زۆر لە دڵا شیرینە بوونە قوربانیی و خوینی تەمەنی پر لە ڕەنج و ئەزموونیان بەخشی و هەتا ئەم ساتە وەختەش هەر تاریکیی ڕاودەنین.

1975/6/1 مۆدیرنترین هیزی ڕزگاریخوازی کورد کە یەکیتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئاڵای لە بەرزترین لوتکەدا چەقاندو هەموو سەرەنگری و نووچدانەکانی بۆ قەرەبووکردینەوەو گەیاندینیە ئەمرۆی ئازادیی و حکومەتی دیموکراسیی هەریمی کوردستان.

لەماوەی خەباتیدا بۆ سەرفرازیی و ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەو بەگژداچوونەی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادیی و دەستەبەرکردنی مافەکانمان، سەدان سەرکردەو هەزاران پیشمەرگەی قارەمانی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان خوینیان بەخشیوە.. ئەو پاڵەوانانەی کە لە سایەی ڕەنج و لەخۆبوردن و دواجاریش شەهادەتیانەوە، ئیمە لەمرۆی پر لە حەوانەوەدا ژیان دەگووزەرینین، هەمیشە ڕینیشاندەرو هاندەرمانن بۆ خەبات و دەستکەوتی زۆرتری گەل کە بەرچاوروونین بە شادبوونەوەی هەمووان بە کەرکوك و خانەقینی شارە دیرینەکانی کوردستان و پیکەوەژیانی برایانە لەگەڵ هەموو کەمینە نەتەوایەتییە کوردستانییەکاندا. هەر لیرەشەوە، لەسەر هەموو هیزەکانی کوردستان پیویستە لەپاڵ مسۆگەرکردنی مافەکانیاندا، در بە تاریکیی بدەن و ئەرکی بەگژداچوونەوەی تیرۆر فەرامۆش نەکەن، چونکە دەستی بیگانە لەکاردایەو دەخوازن شایی و زەماوەندی ئازادییمان لی بشیوینن.

هەڵبەتە لەو بازنەی خەباتەدا.. لەو بیری سەربەرزکردنەوەو ڕەتکردنەوەی خۆبەدەستەوەدان و دەستەو ئەژنۆ دانیشتن و دۆشدامانەدا، زۆرن ئەو ناوانەی خەرمانەی ڕووناکیی بە دەوری سەریانەوەیە.. مەخابن، زۆربەیان شەهید بوون.. بەڵام لەناو سەرجەم ئەو هەڤاڵانەدا، میژوو هەرگیز جوامیریی و ڕۆڵی هەڤاڵ مام جەلال لە دامەزراندنی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستاندا لەبیر ناکات و ئەو سەروەرییانە بە هیلی زیرین دەنووسینەوە کە (مام)ی ئازیزمان ماکی شەکاندنەوەی ئاڵای خەبات و یەکریزیی و دابینکردنی ئازادیی و دیموکراسیی و مافەکانی ژنان و خوازیاری مەدەنییەت و بەرگریکاریکی ڕاستەقینەی پیشیلنەکردنی مافەکانی مرۆڤە.

ئەی (ی.ن.ك).. ئەمرۆ دوای ئەو هەموو قوربانیی و ئەو هەموو دەستکەوتانە، لە سالیادی دامەزراندنتدا دەلیم: تۆ لەوەش گەورەو شیرینتری کە پیشمەرگەکەی دەشتی هەولیر، ئەو کاتانەی بۆ (داستانی ڕزگاریی) لەگەڵ هیزەکەیاندا هاتبوونە دۆڵی جافایەتی، کاتیك سویندی دەخوارد، دەیگوت:

– بەسەری یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان.

سەرنووسەر
Fazilkasab@hotmail.com

## لەم ژمارەیەدا :



دکتۆر عەلی و مریەم خان
نموونەی دوو مرۆڤی نیشتمانپەروەر
ل 8–9



کارەسول، ئەو پیاوەی نەناوی لە هیچ فەرمانگەیەك تۆمارکراوەو نەهیچ شاریکی دیوەو..
ل 12



محەمەد عارف
ئەو ڕەواندزییەی بە تابلۆکانی دونیای داگیرکرد
ل 20–21



ئەو باڵندانەی ڕاوکەر نین و گۆشتیان ناخوریت
ل 16–17



لە کرماشانەوە بۆ سلیمانی
گرووپی (ئاوا)و سۆزیك بۆ گەرمیان
ل 22–23

ناونیشان: هەریمی کوردستان
سلیمانی- شەقامی ئازارات
مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن

تەلەفۆنی ناوخۆ: 3153793 – 3153794
تەلەفۆن لە هەندەرانەوە: +44.20.86347722
فاکس لە هەندەرانەوە: +44.20.86347716

ئینتەرنیت: www.puk.org
ئی مەیل: pishoo99@hotmail.com